# کۆبوونەوەی نوێنەرانی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# و کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە نۆرویژ

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٠ ی مای ٢٠٠٨ ، دانیشتنێک دەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە ئۆسلۆ پێکهات. لەو دانیشتنە دا لە لایەن کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بەڕێزان: کاک سیروان کاوسی، بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیی کۆنگرە و کاک سمکۆ عەلی، ئەندامی کۆمیتەی نۆرویژی کۆنگرە بەشداربوون. لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێیان: هاشم ڕۆستەمی، بەرپرسی کومیتە، ئەحمەد نەقشی، بەرپرسی تەشکیلات و خوسرەو قادری، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرەتا لە لایەن هاورێ خوسرەو قادری وێرای بەخێر هاتنی نوێنەرانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، تەوەرەی باسەکانی کۆبوونەوەکە کرایەوە.

دواتر بەرێز کاک هاشم ڕۆستەمی باسێکی چڕ و پڕی سەبارەت بەباروودۆخی ئێستای حیزب و هەوڵدان بۆ زیاتر لێک نیزیک بوونەوە دەگەڵ حیزب و هێزە کوردستانی یەکان کرد. لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاماژەی بە کۆتایی هاتنی سەرکەوتوانەی کۆنگرەی ١٤ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئاکامەکانی و، بەتایبەت تیشکی خستە سەر دروشمی ستراتژیکی حیزب، واتا" دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە



چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا". هەروەها شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پێویستی سەبارەت بە" کومیسیۆنی پارێزگاری لە پێرەوی حیزب"، کرد.

پاشان بەرێز کاک سیروان کاوسی وێرای خۆشحاڵی دەربڕینی خۆی بۆ ڕەخساندنی ئەو دانیشتنە، هیوای بەردەوام بوونی ئەو پێوەندییانەی خواست.

دواتر باسێکی پڕ نێوەرۆکی سەبارەت بە بارو دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و کێشەی نەتەوەی کورد بە تایبەتی کرد. نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتوویی کوردستانی بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی جوڵانەوەی رزگاری خوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا.

له کۆتایی قسەکانی دا هێندێک پرسیارو تێبینی سەبارەت بە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد، کە لە لایەن کاک  هاشم رۆستەمی وڵامی درایەوە.

دواتر هەر یەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە راو بیر و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە باسە پێوەندیدارەکانی ئەو دانیشتنە دەربڕی.

لە کۆتایی دا هەر دووک لایەن لە سەر هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرم یا کۆدەنگێک لە نێو حیزب و هێزەسیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزکردنی بیری نەتەوەخوازی کۆک بوون و کار وبەرنامەیان بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو دانا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان- کومیتەی نۆروێژ
بەشی پێوەندییەکان